# ئازادی

## زیگمۆند باومان

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە



## پێشەکیی نووسەر بۆ کتێبی «ئازادی»

کە توانیمان لە وڵاتێکدا ئەوەی خواستمان لێیەتی بیڵێین، کەواتە لەو وڵاتە دا ئازادی هەیە، ئێمە زۆرجاریش ئەم گوزارشتە بەکاردەهێنین یان گوێمان لێیدەبێت، بەڵام لەسەر ماناکەی هەڵوێستەناگرین یان بیری لێناکەینەوە، چونکە وەك بەڵگەنەویستێکی دادەنێین، کە خۆی ڕاڤەی خۆی دەکات. ئیتر گوزارشتەکە نابێتە گرفت بۆ تێگەیشتنی خۆمان و هاوەڵانیشمان، بەو مانایەی ئازادی هاوشێوەی ئەو هەوایە یە هەڵیدەمژین و ناپرسین ئەو هەوایە چییە و چی نییە و کاتی خۆمان لەو مشتومڕ و ئەرگیومێنتانەدا لەبارەی چییەتی هەواوە بەهەدەرنادەین، مەگەر لە شوێنێکی هێندە بەرتەسکدا بین هەوا نەبێت هەڵیمژین ئەوکات بکەوینە قسەکردن و مشتومڕ لەبارەی هەواوە..

ئەم بابەتە کار لەسەر دەرخستنی ئەوەمان بۆ دەکات. ئەوەی ئێمە بەڕوون و ئاشکرای دادەنێین – ئەگەر پێمانوابێت بەردەوام روون و ئاشکرایە – زۆر لەوە دوورترە، کە بەوجۆرە روون و ئاشکرابێت و ڕوونییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوام بەکارهێنانی، وەك دواتربۆمان ڕووندەبێتەوە، کە خراپ بەکارهێنانیشی مێژوویەکی درێژخایەن. بەڵام پچرپچری هەیە و ئێمە کەم یادی خۆمانی دەهێنینەوە. مێژوویەکی زۆر تەمومژاوی، کە ئامادەی قبوڵکردنی نیین. واتە بەلایەنی ئازادییەوە شتی زۆر زیاتر لەوە هەن، کە ئێمە بە چاوی خۆمان دەیانبینین.

با بۆ ساتێك بگەڕێینەوە بۆ گوزارشتی دەستپێکی بابەتەکەمان، کە دەتوانین ئەوەی خواستمان لێیەتی بیڵێین، کەواتە لەو وڵاتەدا ئازادی هەیە « دەبێت ئەم گوزارشتە چیمان پێبڵێت ئەگەر بە بایەخ و پەرۆشییەوە سەرنجی بدەینێ؟ بێگومان پێماندەڵێت لە باری بوونی ئازادیدا من و تۆ ڕەنگە لە سایەی دۆخی لەیەك جیاوازدا کاربکەین، کە ئەگەر هەیە ئەستەم، یان مەترسیدار بێت. واتە ئێمە دەتوانین بەبێ ترسان لە سزا، زیندانیکردن، ئەشکەنجەدا، چەوساندنەوە، چیمان دەوێت بەپێی خواستەکانمان بیکەین. لەگەڵ ئەوەیشدا با تێبینی بکەین، کە ئەم گوزارشتکردنە لە ئازادی گوزارشتێکی بێدەنگە لەبارەی ئەوەی چۆن کردەکانمان کاریگەرییان دەبێت؟ چونکە» وڵاتەکە وڵاتێکی ئازادە» ئەوە ناگەێنێت ئەوەی ئێمە دەیکەین بە ئامانج دەگات، یان ئەوەی دەیڵێین قبوڵکراو دەبێت. ڕاستە ئەوەی گوزارشتە، کە نێوبەنێو لەخۆی گرتووە ئەوەیە، کە هەقیقەت و حیکمەت لە گوزارشتەکانمان مەرجێك نییە خۆمان درووستمان کردبێت، کرداریش نابێت ماقوول و ڕەوا بێت بۆئەوەی ڕێگەی پێبدرێت. ئەم گوزارشتە هاوکات پێمان دەڵێت: بوون لە وڵاتێکی ئازادا واتە مرۆڤ بۆی هەبێت لەسەر بەرپرسیارێتیی تایبەتی خۆی شتانێك بکات. وەك ئەوەی ئازاد بێت لە بە دواداچوونی ئامانجە تایبەتەکان و (بەدیهێنانیان)، بەڵکو مرۆڤ بەهەمان شێوە ئازادە، کە هەڵەش بکات و دەشێت هەردوو حاڵەتەکە لەیەك مامەڵەدا بکرێت. ئازادبوون واتە دڵنیابوون لەوەی کەس ڕێگریت لێناکات لەوەی بەپێی خواستی خۆت کارێك بکەیت یان گوفتارێك دەربڕێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ناتوانیت دڵنیابیت لەوەی ئەوەی دەتەوێت، بیکەیت یان بیڵێیت، ئەو سوودەت پێدەگەێنێت خۆت پێشبینیتکردووە پێتبگات.

گوزارشتەکە بەجۆرێك نمامان بۆ دەکات. تاکە شتی گرنگ لە ئازادبوونتدا، کە وادەکات پارێزگاری لەو ئازادییەت بکەیت. بوونی» کۆمەڵگەیەکی ئازادە»، واتە کۆمەڵگەی تاك ئازادەکان کە. ڕێگریت لێناکات بەپێی خواستەکانت کارێك بکەیت و گوفتارێك دەربڕیت بێئەوەی تووشی سزا و لێپێچینەوە و قەدەغەکاریت بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا پەیامەکە هێشتا چەواشەکاریی تێدایە، بەڵام نەبوونی قەدەغەکاری و ڕێگریکردن و نەبوونی سزاکانی تەمبێکاری مەرجێکی

پێویستی بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بێترس بەپێی خواستەکانی بجوولێت. ئەگەرچی ئەمەش هێشتا هەر بەس نییە بۆ بە تەواوی ئازادبوون، ڕەنگە ئازادبێت چۆنت دەوێت بەوجۆرە ولاتی خۆت جێبهێڵێت، بەڵام پارەی ڕۆشتنەکەت پێنیە، ڕەنگە ئازادبیت لە سۆراخکردنی بەهرەمەندیی لە بواری ئەوەی خۆت هەڵتبژاردووە و دەتەوێت بۆ بەدەستهێنانی بخوێنیت، بەڵام شوێنی خوێندنەکەت بۆ فەراهەم ناکرێت. ڕەنگە حەز و خولیات لە کارێك بێت بەڵام دەست ناکەوێت و نییە. ڕەنگە ئەوەی خواستت لێیەتی بتوانیت بیڵێیت، بەڵام دەبینی کەس گوێت لێناگرێت، بەوجۆرە تەنها بەنەبوونی بەرزەفتکار و کۆتوبەندەکان ئازادی بەدینایەت. بەڵکو بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەپێی خواستەکانی کاربکات پێویستی بە ئامرازەکانی دەبێت و گوزارشتەکەمان لە ئازادی ئەو ئامرازانەت بۆ دەستەبەرناکات. بەڵکو بەشێوەیەکی هەڵە بانگەشەت بۆ دەکات گوایە ئەم پرسە زۆر گرنگ نییە. لەم گوزارشتەماندا لە ئازادی، زیاتر لە پەیامێك هەیە ئەگەر مرۆڤ هەوڵی زیاتری خوێندنەوەی بدات. چونکە گوزارشتەکەمان ڕاشکاوانە یان ناوبەناویش تەئکیدکردنەوە، یان نکۆڵیکردن نییە لە پەیامێك هێندەی گریمانەیە و مرۆڤیش دەتوانێت بەبێ چەندوچوون چەندین گریمانە دروستبکات. ئەوەی ئێمەیش لەم گوزارشتە دا گریمانەی دەکەین. ئەو دەرفەتە دیاریکراوەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە ڕاستی ئەوەی خواستی لێیەتی بیکات و بیڵێت. بە مانایەکیتر، مرۆڤ دەتوانێت ببێتە سەردار و سەرچاوەی کردار و گوفتار و بیرکردنەوەکانی خۆی و کارەکە بۆ بڕیاری کەسەکە خۆی دانراوە و دەتوانێت بەپێی نیاز و ئامانجەکانی هزر و بیرەکانی دابڕێژێت.

ئەم وێنەیەی تاك بەهۆی پاڵنەرەکانی کردەکەیەوە. وەك کردەیەکی نیازمەندی بە ئامانج ڕێنمایی وەردەگرێت، دەکرێت وا گریمانە بکرێت، کە کردەش لای کەسی داهێنەر لە کۆ وێنەی چەسپاوی هەستی هاوبەشی جۆری کۆمەڵگەکەماندا جێگیرە. ئەمەش بە کردەیی شێوازی بیرکردنەوەی هەریەك لە ئێمەیە لە بارەی خەڵکی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیانەوە، کە ئێمە لە بارەیانەوە دەپرسین ئاخۆ مەبەستیان لەو ڕەفتارەیان چییێت؟ دواتر چی دەکەن؟ بۆچی وادەکەن؟ بەمجۆرە گریمانە دەکرێت بەوەی کردەکان ئاسەواری کۆمەڵێك هۆکاری مەبەست و ئامانجی ئەو کەسەیە کردەکە دەکات. گەر بشتەوێت مانا بە کردەکە بدەیت، ئەمەیش تەنها هێندەی دەوێت مرۆڤ لە مەبەست و ئامانجەکانی بەردەوام بێت. چونکە پێمانوایە پاڵنەرەکان هۆکاری کردەکانن، هەروەك پێمانوایە بەرپرسیارێتی لەئاستی کردەکاندا وەك هەمەکییەك لەسەر ئەو کەسەیە کردەکەدەکات ( واتە کەسەکە ناچار نییە کردەکە بکات، چونکە ئازادە لەوەی بیکات یان نەیکات).

بەلای ئێمەوە پێدەچێت ئایدیۆلۆژیای پشتبەستمان بە کۆ هەستی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان (واتە ڕاوبۆچوونی تاکەکان) بەباشی دامەزرێنراوە و لە خودی خۆیشیدا ڕوونە. لەسەر ئەو بنچینەیەیش ناتوانین پرسیارێك بکەین لە سۆراخی ڕاستی یان دروستیدا بێت. چونکە ئێمە لەوە ناپرسین ئەوجۆرە ئایدیۆلۆژیایانە لەکوێوە پەیدابوون یان لەکوێوە لە سەرەتاوە سەریانهەڵداوە. یان جۆری ئەزموونی پشتگیری ڕەوایەتییان کامە. هاوکات ڕەنگە بە ئاگا بین لە پەیوەندی و هاوبەندیی نێوان ئایدیۆلۆژیاکانمان و سیفەت و سیما زۆر تایبەتەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی خۆرئاوایی هاوچەرخمان، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە هێشتا نەزانین ئەو ئەزموونەی هەمیشە بەڵگەی نوێ بۆ ئایدیۆلۆژیاکانمان دابینەدەکات. لە چوارچێوەی ئەو کارە یاساییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم کۆمەڵگە تایبەتە بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی داناوە، ئەو یاسا دیاریکراوەیە مرۆڤ وەك تاك ناودەبات، کە بۆتە بابەتی ماف و پابەندی و بەرپرسیارێتییەکان کە هەموو




تاکێـك دەکاتـە بەرپرس لـە کردەوەکانـی، یاسـاش، کـردە، یـان کـردەوە بەجۆرێـك ڕەفتـار و هەڵسـوکەوت پێناسـە دەکات، کـە نیـاز و ئامانجـی کەسـەکە لەخۆدەگرێـت و بەکۆتـا هـۆکاری کردنـی کردەوەکـەی دادەنرێـت و هـەر بەویـش ڕاڤەدەکرێـت. ئـەم یاسـا دیاریکـراوەش، لەسـەر بنچینـەی مەبەسـت و ئامانجـی بکەرەکـە خـودی کردەکـە ڕاڤـە دەکات. بەرهەمـی ئـەو ئەزموونـەی ئایدیۆلۆژیاکانمـان بەهێـزدەکات و دەیچەسـپێنێت. وەك بارێکـی سرووشـتی تیـۆرە یاسـاییەکە نییـە. ( زۆربەمـان تیـۆری یاسـاییمان نەبیسـتووە)، بەڵکـو هەڵسـوکەوتە کرداریـیەکانـی مرۆڤـە، وەك ئـەوەی کاتێـك تاکـەکان گرێبەسـتەکان بەنـاوی تایبەتـی خۆیانـەوە ئیمزادەکـەن، بـەوە خۆیـان بـە یاسـاوە پابەنددەکـەن و بەرپرسـیارێتی کـرداری دەخەنـە ئەسـتۆی خۆیـان. ئەمـەش کارێکـە لـە هەمـوو شـوێن و کاتێکـدا دەکرێـت. بۆیـە هیـچ دەرفەتێکـی تێبینیکردنـی تایبەتمەندێتـی، یـان خەسـڵەتەکانی هەڵسـوکەوتە کردارییەکانمـان نییـە. بەڵکـو ئێمـە وەك « سرووشـت و مۆرکـی شـتەکان» بەڕوونـی، وەك ماهییـەت، وەك هەمەکییەکـی چەسپاوی بوونەکانـی مـرۆڤ دەیانبینیـن. کۆمەڵناسـی لـە میانـەی تـەواوی مێژووییـەوە هێنـدەی بیروبـاوەڕە کۆمەڵایەتییـە هاوبەشـەکانمان، کـە ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییەکانـی دەسـتکردی

مرۆڤ پشتڕاستیان دەکەنەوە جیهانێتی نەبووە. کۆمەڵناسی، بەشێوەیەکی بنچینەیی لەنێو ئەزموونی کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە و گرفتەکانی ئەو ئەزموونەشی خستە نێو ئەژێنداکانەوە. بەوجۆرە ئەزموون و گوتار پێشتر هەڵگری بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکان و ڕاڤەکاریشیان بوون، هەر ئەویش پێشتر بەشێوەیەکی توند و تۆکمە درووستکەری ئەزموونێکی ڕەوا بووە بەتایبەتمەندێتی تایبەتیان. بەم هۆیەوە کۆمەڵناسان هەوڵی بیرکردنەوە لە ڕێکخستن و سیستماتیکردنی کۆمەڵگەکانیان دەدەن و بەرەو وەبەرگرتنی کۆ هەستی کۆمەڵگە ئاڕاستەدەگرن و دەیکەن بە بەڵگەنەویستێك بەوەی تاکەکان بەشێوەیەکی سرووشتی سەرچاوەی کردە تایبەتەکانی خۆیانن. کردەکانیش بەپێی مەبەست و ئامانجی تایبەتی بکەرەکانیان پێکدێنن. پاڵنەری بکەرانیش بۆ کردەکانیان ڕاڤەی تەواوی ڕەوت و ئاڕاستەی کردەکانمان بۆدەکەن. پێدەچێت ویستی ئازادی تاکەکان هەر تاکێك وەك «هەقیقەتێکی ڕوونی» جۆری تاکەکان پۆلێنبکات وەك دەرەنجامێکی سرووشتیی نەك وەك پلەبەندی و ڕێکخستنی وردەکارانەی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵناسەکان لەم وێناکردن، یان لەم گریمانەیەوە زیاتر بەرەو» نا ئازادبوون» ئاڕاستەیان کرت وەك لە «ئازادی». ئەگەر ئازادی بەخششێکی سرووشت بێت ئەوا نا ئازادبوون ئاکارێکی درووستکراو، یان دەرەنجامی ڕێکخستن و پلەبەندکارییەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییە، بۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوە زۆر گرنگ دەبێت. لە کەلەپووری مەزنی بەجێماوی کۆمەڵناساندا، ئازادی تا ڕادەیەك بە دانسقە دادەنرێت. لە بونیادی بنچینەیی تیۆری کۆمەڵایەتیشدا دەبینین بەهەند وەرگیراوە گرنگەکانی مەرجی کۆمەڵایەتیی ئازادی، کەم، لەیەك دوور، لە پەراوێزدایە. لە بەرامبەریشدا بایەخدانێکی زۆر و تێبینیی قووڵ دەبینین بە» بەرزەفتکار، یان کۆتە کۆمەڵایەتییەکان و فشار و کارتێکەر و هێز و زۆرکاری، بەوجۆرە مرۆڤ فاکتەری تری هێنایە ئارا، کە بەهۆیانەوە تووشی لۆمەکردن هات لە ڕێگرییدا لەوەی ئازادی، کە بەخششێکی سرووشتە بۆ هەموو مرۆڤێك -- وەك خۆی دەربکەوێت. ئیتر مایەی سەرسوڕمان نییە، کە ئازادی لە دەرەوە و دوور لە سەنتەری بایەخدانمادا بێت و لەبری ئازادی بایەخی زیاتر بە کۆتوبەندەکانی بدەین. چونکە گریمانەکردنی ئیرادەی ئازاد وا دەکات سیستمی کۆمەڵایەتی شتێکی سەراسیمەکار بێت، کۆمەڵناسان خۆیان لەو گریمانەیە ڕامان، بەڵام ڕاڤەیەکیان بۆ نەبینیوە و تەنها تێبینییانکرد کە ئەگەر کەسێکی ئاسایی بیەوێت کارێك بکات. چۆن ڕەفتارەکان بەپێی هەندێک نموونە و مۆدێل و شێوە ڕێکدەبن و هاوکات بەشێوەیەکی بەرفراوانیش دەبێتە جەختکردنەوە لە بوونی جۆرێك یان ڕادەیەك لە سیستماتیککاری لە کۆمەڵگەدا بەگشتی و ئەگەری ڕوودانی هەندێک ڕووداو لە ئەگەری ڕوودانی هەندێکیتر زیاتر دەبێت. کەواتە ئەو سیستماتیکبوونە چۆن دەبێت. ئەگەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە کاری خۆیبکات و هەریەکە بە شوێن خواست و ئامانجەکانی خۆیەوە بێت و بەپێی ویستی ئازادی خۆی بجووڵێت و هەڵسوکەوت بکات؟ بەڕاستی کردەی گریمانەکراوی مرۆڤ وەك کردەیەکی خۆویستانە ڕوونە و هەرگیز کردەیەکی هەڕەمەکییانەی ناڕوون نییە. ئەگەر لایەنی کردارییش بەهەندوەربگرین. کە کۆمەڵناسانی گەیاندە پەیبردن بە سنوورەکانی ئازادی، ئەوا هەموو کۆمەڵناس و بیرمەندانی سەدەی ڕۆشنگەری نەیانویستووە تەنها پەی بە جیهان بەرن بەڵکو ویستوویانە جیهان بکەن بەباشترین شوێن بۆ ژیانی مرۆڤەکان. لەم بینشەوە ویستی ئازادانەی تاك دەبێتە نیعمەتێکی ئاوێتە، تەنها لای ئەوانەی لە سۆراخی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان هەژار و لاواز دەبێت. لەکاتێکدا تاکە ئازادەکان هیچ ڕێگەیەکی تریان نییە جگە لە پشتگیریکردنی سیستمێکی گونجا و



Zygmunt Bauman

بۆ سەرلەبەری کۆمەڵگە، دەبێت ئەو سیستەمە ببێتە بابەتی بایەخپێدان و لێکۆڵینەوەی وردەکارانە و جدی، جارێکیتریش دەیڵێینەوە. ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی بەرزەفتکردن، هەموارکردن، یان چەپاندن و کوشتنی هەندێک لە ئامانجە تاکە کەسییە زیانگەێنەکان، هەر بەوجۆرەش بایەخدانی زۆر بەسنوورەکانی ئازادی پاساوی مەعریفی و پێوەریی خۆیان دەبێت.

بەوهۆیانەوە، کۆمەڵناسی سەرەتا وەك زانستی «نائازادبوون» پەرەیسەند و بایەخدانی سەرەکی بۆ هەر پرۆژەیەکی باشی کۆمەڵناسی بوو، کە بە پرۆگرامی توێژینەوەی زانستیی سەربەخۆی پەیبردن دادەنرا بە هۆکارەکانی ئازادبوونی تاکەکان وەك مافێکی سرووشتی، گەرچی بەشێوەیەکی سیستماتیکتر، یان کەمتر چەسپاو کاریان دەکرد. سەرباری توێژینەوە لەم پرسیارە لە دیدێکی پێوەرگەرییەوە، کە دەڵێت: ئەو مەرجانە کامانەن، کە دەبێت هەبن بۆ هاندانی تاکە ئازادەکان تا کردەکانیان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بێت؟

لێرەدا دەبینین چەمکەکانی: چین، هێز، هەژموون، کۆنترۆڵکردن، دەسەڵات، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیا، کولتوور، پەروەردە، نەخشەی سۆسیۆلۆژیی جیهانی مرۆڤیان ڕێکخستووە، هەموو ئەوانەشی ئەم چەمکانە و چەمکە هاوشێوەکانی تریش بە هاوبەشی هەیانە، بریتییە لە بیرۆکەی فشاری دەرەکی، کە وێنەی سنووری ویستی تاك دەکێشن. یان دەست لە کردەی ڕاستەقینە وەردەدەن ( وەك کردەیەکی جیاواز لە کردەی ویستراوی جێ مەبەست). سیفەتی هاوبەشی نێوان دیاردەکانیش ئەوەبووە، کە دەبوو ئەو چەمکانە ئاڕاستەی کردەی تاکەکان بگۆڕن بە بەراورد بە ڕەوتی کردەکان لەبارێکدا ئەگەر فشاری دەرەکییان لەسەر نەبێت. کەڵەکەبوون یان زیاتربوونی چەمکەکان جێی

پرسیاربوون و مانای ڕاڤەکردنی ڕێژەیی و سیستماتیکبوون. یان زیادبوونی ڕەفتاری تاکەکانی دەگەیاند بە هۆکاری جووڵەی کردارییەوە بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان. با بهێنینەوە یادمان، کە ئەم دووایین جەختکردنەوەیە بابەتی لێکۆڵینەوە. یان ڕاڤەکردن نەبووە، چونکە گوتاری سۆسیۆلۆژی وەك گریمانەیەکی ڕوونی بەڵگەنەویستانە هاتە نێو بابەتەکەوە.

دەتوانین چەمکە پەیوەندەکان بە فشارە دەرەکیەکانەوە بۆ دوو جۆری فراوان دابەشبکەین. کۆمەڵی یەکەمی چەمکەکان زنجیرەیەك» بەرزەفتکار، یان کۆتوبەندی دەرەکیمان» بۆ دەکەن بە کردار، کە لە بەرامبەرگرتندا بۆ بەرگری تا ڕادەیەکی زۆر لە تابلۆیەکی قورین دەچێت. بێتەبەر ئەندێشەی پەیکەرساز و ئەندێشەکەی لێتێکبدات. بەرزەفتکارە دەرەکییەکان بریتین لەو فاکتەرە دەرەکییانەی واقیعی دەرەکی، کە مەبەست و ئامانجی تاك لە بازنەی ئامانجی ڕەوا و ئامانجی ناواقیعیدا پۆلێندەکەن. ئەو هەڵوێستانەشی تاك دەیەوێت لە میانەی کردەکانیەوە بەدییانبێنێت، ڕەنگە بەدیهێنانیان ئەستەم بێت و نەکرێت. یان بکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا تاك هێشتا بە ئازادی بە شوێن بەدیهێنانی ئامانجەکانیەوەیە، بەڵام هەوڵیباش و داواکراوی بۆ بەدیهێنانیان شکست دێنێت کاتێك بەر دیواری سەختی دەسەڵات و دامەزراوە سەرکوتکەرەکان و کۆمەڵگە دەکەوێت، کە نابەزێنرێن. کۆمەڵەی دووەمی چەمکەکان پەیوەندە بەهێزی سیستماتیکی، کە لای تاکەکان بەلای هێزێکی خۆکردانە یان ناوەکیدا ئاراستەدەگرێت. ئیتر بەهۆکاری ڕاهێنان و لە ناخداچاندن و ئامادەکردنیەوە بێت یان لەڕێگەی دانانی نموونەیەکی تەواو وردەکارانە لەلایەن خەڵکییەوە لە دەوروبەرماندا، تا لە شێوەیەکی تایبەتدا هەموو پاڵنەر و پێشبینی و هیوا و ئاواتەکانی تاك لە بۆتەبدات، گەرچی ئەو ئاڕاستەگیرییە لە سەرەتادا بە تەواوی هەڕەمەکی نابێت. بەڵکو ناهەڕەمەکێتی لە هەندێک چەمکی وەك «کولتوور، دابونەریت، ئایدیۆلۆژیا» دا بەڵگەنەویستە، هەریەك لەو چەمکانە ڕەنگدانەوەی هەڕەمێتییان هەیە لە بونیادی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و پاڵنەرەکانیشدا. هەموو ویستەکان ئازادن، بەڵام هەندێکیان ئازادترن. هەندێک لەوانەی بە مەعریفەوە بێت یان بێمەعریفە ئەرکی مامۆستایی بەجێدەگەێنن. لای ئەوانیتر ئامادەباشییە مەعریفییە پێشوەختەکان و بەها ئاکاریەکان و ئۆپشنە ستاتیکییەکانیش هەموار دەکەنەوە و هاوکات ژانری هاوبەشیش دەخەنە نێوکردە و مەبەست و ئامانجی تاکەکانەوە.

بەوجۆرە کردە مرۆییەکان بەهۆی هێزگەلێکی سەرووخۆیانەوە هەمواردەکرێنەوە، کە لە دەرەوەی تاکەوە «وەك بەرزەفتکار یان کۆتوبەند» پێیاندەگات، یان لە ناوەوە «وەك پڕۆژەیەك بۆ ژیان و ویژدانیان» وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوجۆرە هێزانە ڕەفتاری نا هەڕەمەکییانەی مرۆڤ بە تەواوی ڕاڤە و شیدەکەنەوە. بەوجۆرەش ئیدی ئێمە پێویستمان بە بەدواداچوون یان هەموارکردنی گریمانە بنچینەییەکانمان نابێت. واتە بۆچوون و دیدمان بۆ مرۆڤەکان. وەك تاکی خاوەن ویستی ئازاد، لە میانەی پاڵنەری تایبەت و مەبەست و ئامانجەکانیانەوە کرداری مرۆڤەکان دیاریدەکات.

با ئەوە بێنینەوە یادمان، کە کۆمەڵناسی وەك ڕامانێك لە جۆرێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەرکەوت. ئەو کۆمەڵگەییەی لە سەدەی هاوچەرخدا لە خۆرئاوا خۆی بونیادنا و پەیوەندیشە بە پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوە. گومانیش بەوەی دەستوور یان یاسا دانراوەکان بۆ مرۆڤ وەك کۆمەڵێك تاك، کە دەبێت بە سیفەتگەلێکی دیاریکراوەوە لەوجۆرە کۆمەڵگەیەدا کارێکبکەن (وێڕای ئەوەی سیفەتی هەمەکیی مرۆڤەکانی هەیە)، ڕەتناکرێتەوە و دەستی لێبشۆردرێت. ئەگەر گومانەکە لەجێی خۆیدابێت، ئەوکات تاکی ئازاد وەك ئافەریدەیەکی مێژوویی دەردەکەوێت، کە تاڕادەیەکی زۆر لەو کۆمەڵگەیە دەچێت تیایدا دەژی.

هاوبەندییەکانی نێوان ئەو تاکە ئازادە و کۆمەڵگەکەیشی زۆر لەوە پێویست و بەهێزتریش دەبێت. کۆمەڵناس وێنای دەکات، چونکە سنووری کۆمەڵگەی شیاو بە بەرهەمی تاك و سیستمی کولتووری و ئاراستەگیریی ئایدیۆلۆژیی پاڵنەرەکانی تاك دیاری ناکرێت. کۆمەڵگەی لەوجۆرە بۆ هەموو تاکە ئازادەکان شیاو دەبێت. ئەوکات نەك تەنها شێوازی کارکردنی تاکە ئازادەکان، بەڵکو تەواوی شوناسەکانی هەردوو ڕەگەز وەك تاکی ئازاد دیار دەبن، چونکە لەلایەن کۆمەڵگەوە پێکهێنراون.

ئەستەمە بتوانین لەمیانەی گوتارێکی دیاریکراوی کۆتکراو بە ئەزموونی تەواو دیاریکراوەوە پەی بە بوونی تاکگەراییەك بکەین شوێن و مێژوو دیارییکردبن، لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە من و تۆ لە هەڵوێستێکی هێندە باشدابین بتوانین بوونی مرۆڤێکی ئازاد دیاریبکەین، کە ناتوانێت لە ڕێژاردەکانی خۆیدا ئازاد بێت. لەکاتێکدا بەوپەڕی خۆشگوزەرانی و ئومێدی گەیشتن بە خواستەکانی و تێرکردنیان سەرگەرمی پێکهێنانی شوناسی خۆییێت. ئەو مرۆڤەی ناتوانێت زەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی تایبەتمان ببینێتەوە، ئاژەڵێکی دوورەپەرێزە.

لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژی و مێژووییەکان بەڵگەیان هەیە، کە ئەم تاکە ئازادەی لە ئێمەی مرۆڤە، جۆرێکی دانسقە و لۆکاڵییە. زنجیرەی بارودۆخە زۆر تایبەتەکانیش پێویست بوون بۆ هێنانە بوونی. ئەویش لە بەرەنگاریی ئەو بارودۆخانەدا دەتوانێت بە زیندوویی بمێنێتەوە. تاکی ئازاد دوورە لە بوونی بە حاڵەتێکی جیهانی یان حاڵەتێکی هەمەکیی جۆری مرۆڤایەتی، بەڵکو دەبێتە ئافەریدەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەکرێت ئەم دوواین ڕستەیە بکرێتە بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە و ئامانجیش لە کتێبەکە وەڵامدانەوەی وتەیەکی کۆنی بەناوبانگە، کە پێیوایە ئازادیی تاك -- شتێکە ئێمە بەشێوەیەکی سرووشتی وەك سیفەتێك، کە دەکرێت بێهوودە یان گەمەیەك بێت لە گەمەکان بە بەڵگەنەویستی دادەنێین، بەڵام هەمیشە بوونیشی هەیە. شتێکی سەرسوڕهێنەرە و بۆ ئەوەی لێیتێبگەین، دەبێت ڕاڤە و شیبکرێتەوە. پەیامی ئەم کتێبەش ئەوەیە، کە نابێت و ناکرێت ئازادیی تاك بە بەڵگەنەویست دابنرێت. چونکە ئەگەری هەیە لە هەندێك کۆمەڵگەدا هەبێت و لە هەندێکیشدا نەبێت.

ئێمە هاوکات بوونی ئازادی وەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەبینین نەك وەك تایبەتمەندی یان خەسڵەتێکی دیاریکراوی تاك خۆی، چونکە ئازادی سیفەتێکی هاوبەندە بە جیاوازیە سەلمێنراوەکانی نێوان تاکەکانەوە. ئەو جیاوازییەی مانای دژیەکبوون بۆ

**ئەستەمە بتوانین لەمیانەی گوتارێکی دیاریکراوی کۆتکراو بە ئەزموونی تەواو دیاریکراوەوە پەی بە بوونی تاکگەراییەك بکەین شوێن و مێژوو دیارییکردبن، لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە من و تۆ لە هەڵوێستێکی هێندە باشدابین بتوانین بوونی مرۆڤێکی ئازاد دیاریبکەین**



هەندێک مەرج و بارودۆخی ئێستا و ڕابردووش دروستدەکات. هەروەك پێمانوایە بوونی تاكی ئازاد ئاماژەیە بۆ جیاوازیی بارودۆخەکان لەنێو كۆمەڵگەیەكی دیاریكراودا. لەوەش زیاتر، ڕۆڵ دەبینێت لە چەسپاندن و سەقامگیریی ئەو جیاوازیە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیدا. هەروەها وادەبینین، کە ئەو ئازادیەی وەك دۆخێكی مرۆیی گشتی یان جیهانی بڵاوبۆتەوە، بەشێوەیەكی ڕێژەیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێكی نوێیە، شتێكی نوێی بە تۆكمەیی پەیوەند بە سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و سەرمایەدارییەوە. هاوكات پێمانوایە، کە ئازادی دەتوانێت لە ساتەوەختێكدا جیهانێتیبوونە دروستبكات، کە مانایەکی تایبەتی بە تەواوی و یەكجاری پەیوەندەوە بە مەرج و بارودۆخەكانی ژیانەوە لەكۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەربگرێت، ناوەڕۆكی سەرمایەداریی هاوچەرخیش بریتیە لەوەی مرۆڤ بتوانێت سەروەری چارەنووسی خۆی بێت - واتە بتوانێت چارەنووسی خۆی دیاریبكات - ئەمەش پەیوەندی بە فۆڕمی هاتنەئارایەوە بەلایەنی ئەوانەوە، کە پێشتر بە دروستكردنی سیستمی كۆمەڵایەتیەوە سەرقاڵ بوون، کە سیفەتی هەرە دیاری سەدە نوێكانە.

ئێمە وادەبینین، کە ئازادی لە كۆمەڵگەكانماندا مەرجی پێویستە بۆ تەواوكارییەکی كۆمەڵایەتی، کە هاوكات بێت لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەیەكی سیستماتیكدا، مەرجێكە لەڕێی كۆمەڵگەی تەواوكار و سیستمی كارەوە دووبارە و بەردەوام بەرهەمدەهێنرێتەوە. ئەم سەنتەریزمییەی ئازادی تاك، هاوبەندییەكە ژیانی تاك و جیهان و كۆمەڵگە پێكەوە كۆدەكاتەوە و سیستمی كۆمەڵایەتی دەگەێنێت بە گۆڕانكاریی هاوچەرخی ئازادییەکی دوور لە بواری بەرهەمهێنان و هێز بەرەو بواری بەكاربردن. لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ئازادیی تاك لەپێش هەموو شتێكەوەیە، لە پێگەی یەكەمیشدا ئازادیی بەكاربردن، کە پەیوەندە بەبوونی بازاڕی كارا و دواتریش تەئكید لە مەرجی بوونی ئەو بازاڕە دەكاتەوە.

ئێمە دوواجار دەرەنجامی ئەو فۆرمە لە ئازادی بەلایەنی ڕەهەندەكانیتری واقیعی كۆمەڵایەتیەوە دەخەینەوەڕوو، لەسەرووو هەموویشیانەوە خەسڵەتی سیاسەتی هاوچەرخ و ڕۆڵی دەوڵەتەوە. هەروەك باس لەوەشدەكەین، کە لەگەڵ بوونی توانای سەقامگیری ئازادیی تاكدا لە فۆڕمە بەكاربەرییەكەیدا، دەوڵەت بە دووبارە هەمواركردنەوەی سەرمایە و كار، بەرەو خۆ دوورخستنەوە لە بایەخدانە تەقلیدیەكانی، ئاڕاستەگیری دەكات، لەگەڵ بونیادی یاساییشدا بۆ كۆنترۆڵكردن و دەسەڵاتداری، یەكەمیان كەمترین پەیوەندیی دەبێت بە بەرهەمهێنانەوەی سیستمەوە. دووەمیش لە میانەی بازاڕی بەكاربردنەوە لەنێو فۆرمێكی ناسیاسیدا دەتوێتەوە، ئەگەری دواتر بریتی دەبێت لە هاوبەندی هۆكارەكی لەنێوان پووكانەوە یان نەمانی كاری دەوڵەت و زیاتربوونی سەربەخۆییدا لەگەڵ كۆنترۆڵكردن و بەرزەفتی دیموكراسیانە و كۆمەڵایەتیدا، هاوكات هەوڵی ئەوەش دەدەین. وەك سیستمێكی دروست لە پلەبەندیە كۆمەڵایەتییەكان تێبگەین. نەك وەك نەخۆشی و ناسیستماتیكبوون، یان لەلایەكیترەوە فۆڕمێكی تەواو نەخۆشی كۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخ و نوێ. واتە لە سۆراخی لۆژیكی ناوەكیی فۆرمی سۆسیالیزمی هاوچەرخی كۆمەڵگە و دەرەنجامەكانی نا ئامادەیی ئازادیی بەكاربردندا دەبین بەلایەنی تاكەوە0